# ئیسلام و مافی مرۆڤ
## ئامادەکردنی: شاهۆ ب. رۆژهەڵات

زۆربەی ئەوانەی کە بەردی موسلمانی و ئیسلامی پێشکەوتوو لە سینگیان دەدەن لە سەر ئەو باوەرەن کە ئیسلام و هەمو وانەکانی ئەم ئایینە تەواو لەگەڵ مافی مرۆڤ و هەمو بەش و لایەنەکانی ئینا‌سییەت دێتەوە و ئەوەندەی کە ئیسلام ریز دادەنێ بۆ مرۆڤ هیچ قوتابخانەیەکی فیکری و هیچ ئایینێ تا ئەو رادەیە دای نەناوە.
لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین کە مافی مرۆڤ لەگەڵ یاسای ئیسلام و ئایەتەکانی قورئان هەڵسەنگێنین تا ناراستی ئەو ئیدیعایەی موسلمانان و هەوادارانی ئیسلام دەرکەوێ.

ئەگەر بریارنامەی مافی مرۆڤ کە لە سالی 1948 دا نووسراوە بخوێنینەوە، دەبینین کە لە مادەی یەکەمی ئەم بریارنامەیەدا هاتووە کە
- هەمو مرۆڤەکان بە ئازادی دێنە دوونیا و هەمو خاوەن کەسایەتی و مافێکی یەکسانن. هەمو مرۆڤێ خاوەن هزر و ویژدانە و دەبێ لەگەڵ یەک بە شێوەیەکی برایانە و بەرانبەر رەوتار بگرێت.

لە مادەی دووهەمدا هاتووە کە
- هەر مرۆڤێ بە بێ رەچاو کردنی کۆمەلێ دیاردەی سروشتی و کۆمەلایەتی وەک رەگەز، ژێدەر، زمان، کولتور، بیرو باوەری سیاسی یان هەر شێوە روانگەیەکی‌تر، هەر وەها بە بێ رەچاو کردنی چینی کۆمەڵایەتی و سەروەت وسامان یان هەر جۆرە جیاوازیەکی‌تر دەبێ و پێویستە هەمو مافی ئینسانی بدرێتێ و دەڤەرێ ساز ببێت بۆ ئازادیەکی یەکسان بۆ هەمو مرۆڤەکان.

لە مادەی سێهەمدا هاتووە کە
- هەر مرۆڤێ بە هەر تەمەن و جل و بەرگێ و لە هەر جێیەکی ئەم دونیایە مافی ژیانێکی سەربەخۆی هەیە و دەبێ ئەمنیەتی تاکە کەسی وی بپارێزرێت.

لە مادەی چوارەمدا دەڵێ کە
- هیچ کەسێ نابێ لە گۆیلەیەتی‌دا بمێنێتەوە و کار و کاسبی و تەجارەت کردن بە کۆیلەکان دەبێ یاساخ(مەمنوع) بکرێت.

لێرەدا پێویستە ئاورێ بدەینەوە بۆ سەر هەلوێستەکانی ئایینی ئیسلام و بزانین لەم بارەوە دەڵێ چی و چ رێنوێنیەکی بۆ موسڵمانەکان داناوە. بە پێی شەریعەت و رەوشتی ئیسلام و بە پێی ئەو ئایەتانەی کە لە قورئاندا هاتوون پیاوان گەورەیان دراوەتێ لەبەرانبەر ژناندا و شایەدی دانی وان لە دادگاکاندا بە نیوەی پیاو حیسێب دەگرێ و هات و چۆی ژنان بۆ دەرەوەی ماڵەوە بە توندی پێشی لێ دەگیرێ و هەر وەها ژنان بۆیان نیە کە مێرد بە پیاوانی غەیری موسلمان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانان گەورەیان دراوەتە لە لایەن خوداوە کە لە مەسیحیەکان، جولەکەکان یان کافرەکان عەزیزترن و چاوجوانتر.
یاسا و رێساکانی ئیسلام بە شێوەیەک داندراون کە ئەو غەیرە موسلمانانەی کە لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا دەژین هەمیشە خاوەن ماف و ئازادیەکی کەمترن لەبەرامبەر موسڵمانەکان. بۆ وێنە غەیرە موسلمانێ ناتوانێ لە وڵاتێکی ئیسلامی‌دا دژ بە کەسێکی موسڵماندا شایەدی بدات. لە عەرەبستانی سەعودیدا بە پێی حەدیسێ کە لە مەحەممەد

گێردراوەتەوە غەیرە موسلمانەکان بۆیان نیە کە لەم وڵاتەدا داب و رەسمە ئایینیەکانی خۆیان بەجێبێنن و رێگایان پێنادرێ کە کلیسا یان مەعبەدێ ساز کەن یان ئەوەی کە ئازادانە کتێبە ئاینیەکانی خۆیانیان بەکار بینن.لەم حەدیسەدا هاتووە" لە وڵاتی عەرەبستاندا نابێت دوو مەزهەب وجوودی هەبێت."
زۆربەی کەمینە ئاینیەکان مافی ژیانیان لە وڵاتانی موسلماندا نییە و دەبێ یان بکوژرێن یان ببن بە موسڵمان.زانایان و درەاستانی ئیسلامی گوناحەکان بە دوو دەستە دابەش دەکەن.گوناحە گەورەکان (گناە کبیرە) و گوناحە چکۆڵەکان (گناە صغیرە) .
گوناحە گەورەکان حەوت دانەن و لە سەرەوەی هەموان ئیمان نەبوون بە ئیسلامە واتە کافر بوون کە جزا دانەکەی لە دزی و زیناح و کوشتن(قتل) و گوناحەکانیتر زۆر بێبەزەیانەترە.
قورئان کۆیلەیی بۆ موسڵمانان ئازاد کردووە.لە ئایەی 2 سوورەی نساء دا هاتووە کە " موسلمانان دەتوانن لەگەڵ کۆیلەکانی خۆیان بە بێ رێو رەسمی ئایینی ژیانی هاوبەش و نزیکبوونەوەی لەشیان(سێکس) هەبێت." هەر وەها لە دوو ئایەی 6 سورەی مؤمنون و ئایەی 30 سورەی میعراج  قورئان دەڵێ کە " نزیک بوونەوەی لەشی(سیکس) لەگەڵ قەرەواشەکان هیچ مەنعێکی نییە."
با بگەرێینەوە بۆ بریارنامەی مافی مرۆڤ و بزانین کە لە بەشەکانیتریدا چ هاتووە.
لە مادەی پێنەجدا دەڵێ کە
- کەس ناتوانێ کەسێکیتر بخاتە ژێر ئازار و ئەشکەنجە یا جزادانێک بە پێی کۆمەڵێ یاسای دەستکردی زاڵمانە کە بە پێچەوانەی عەقڵانیەت و ئەخلاقیاتی ئینسانی بێت.
ئەگەر بە پێی ئەم وانەیەی مافی مرۆڤ بێین و لاپەرەکانی قورئان هەڵدەینەوە کۆمەڵێ ئایەت دەبینینەوە کە دەستووری برینەوەی دەست و پی، کوشتنی نائینسانانەی کافرەکان، رەجم کردن، قەمچی لێدانیان تێدا نووسراوە.رەنگە یەکی لە ئێوە بپرسێ کە ئەو ئایەتانە و ئەم جەزادانە بۆ وڵاتە موسڵمانەکانە نەک وڵاتانیتر. پێویستە لە وەڵامدا بگوترێ کە بۆ موسڵمانان مرۆڤ نینن کە ئاوا بێ بەزەیانە ئازار بدرێن و ئازای لەشیان لێببێتەوە.رەنگە کەسێکیتر بپرسێ کە ئەم جەزادانە لە لایەن خواوە بۆ بەشر هاتۆتە خوار و نابێ بە پێوەرەی مرۆڤایەتی بپێودرێن و بە هزری ناتەواوی بەشر شیبکرێنەوە.لە وەڵامدا زۆر بە کورتی و بە کوردی دەبێ بگوترێ بۆ دەبێ لە لایەن خوایەکی دادوەر و مێهرەبانەوە ئاوا بارانی ئازار و ئەشکەنجە بە سەر مەخلووقە ناتەواوەکانیدا ببارێنێت؟ و لە لایەکیترەوە ئەم ئەشکەنجە و دەردانە لەشی مرۆڤ ژانەکەیان دەکێشێ و بە سەر بەشەری بەستەزماندا دێن کە وابوو بۆشی هەیە هەر بەم جەستەیەش بیرکاتەوە و خوای خۆی بباتە ژێر پرسیار.
لە مادەی شەشی مافی مرۆڤدا هاتووە کە
- هەر کەسێ وەک ئینسان لە هەمو شوێنیکی ئەم دونیایە مافی ئەوەی هەیە کە گازەندە(شکایەت) بنووسێت و بچێت بۆ دادگا.
بیرۆکەی بریارنامەی مافی مرۆڤ لە سەر ئەم کاریتەیە داندراوە کە مرۆڤ هەمو کات سەربەخۆ بێت و ئاوساری هەمو کارەکانی خۆی بە دەست خۆیەوە بێت.مافی مرۆڤ بۆوە نووسراوە و داندراوە کە ئینسان رێزی لێبگیرێت و فێری ریزدانانیش ببێت.بەڵام لە ئیسلامدا بە پێچەوانەی ئەم شتە دەبیندرێت و لە هیچ شوێنێ ئینسان وەک سەرەکیترین مەبەست وەبەرچاو نەخراوە و قەت هەلی ئەوەی پێنەدراوە کە خۆی

بریاری چاكە و خراپەی خۆی بدات. لە ئیسلامدا خوا هەمو شتێكی بۆ مرۆڤ دابین كردووە و هیچ موسڵمانێ توانای دژایەتی لەگەڵ خودا دا نییە و ئەگەریش لە یاساكانی خودا لابدات ئەوە رووبەرووی ناحەزترین و نائینسانیترین جەزادان دەبێت. لە یاسای ئیسلامیدا گرینگی نادرێ بۆ دیتنەوەی هۆیەكانی كردەوەیەكی نائینسانی وەك دزی كردن بەڵكو بە بێ هیچ هاتوو چۆیەك دز مەحكومە بە برینەوەی دەستی لە لایەن نوێنەرانی خواوە.

یان ئەوەی كە كەسێ، بە هۆیەك كەسێكی تری لە دەس دەگوزرێت مەحكوم دەبێ بە كوشتنەوەی خۆی واتە (قصاص).

بە داخەوە لە یاساكانی ئیسلامدا زۆر بە كەمی دەتواندرێت كە دیاردەیەكی حقوقی وەبیندرێت كە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ تێبكۆشێ. رەنگە دزێوترین و ناشیرینترین یاسا لە ئیسلامدا سەبارەت بە شاهیدی دان بێت. كە هەر وەك گوتمان كەسێكی غەیرە موسڵمان بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە دژی پیاوێكی موسڵمان شاهیدی بدات. بۆ وینە ئەگەر شاهیدێ بۆ دزی ماڵی كەسێكی غەیرە موسڵمان نەبێت، زۆر ئاسایی موسڵمانێ دەتوانێ شت و كەرەسەی كافرەكان هەڵگرن بە بێئەوەی هیچ یاسایەك لەمبارەوە پێشیان لێبگرێت.

مادەی 16 بریارنامەی مافی مرۆڤ باسی بەرابەری ژن و پیاو دەكات لە كاتی ئیزدیواجدا. بەڵام ئایینی ئیسلام ئەم بەرانبەریە فرێدەداتە دوور. ژن ناتوانێ پیاوی داهاتووی خۆی هەڵبژێرێت بۆ وێنە هیچ ژنێكی موسڵمان بۆی نییە مێرد بە پیاوی غەیرە موسڵمان بكات. ژن ناتوانێ داوای جیابوونەوە لە مێردەكەی بكات. لە ئیسلامدا پیاو دەتوانێ لە كاتێدا خاوەن 4 ژن بێت بەڵام ژن ئەو مافەی نییە. ژن هەمو كات وەك كاڵایەك لە ئیسلامدا چاوی لێكراوە كە بۆ پاداشدان بە موسڵمانەكان لە بەشت بە بێ ویست و خوازی خۆی كەڵكی لێوەردەگیرێ. چەپ و راست بە پیاوی موسڵمان دەگوترێ كە ئەگەر وا بكەی یان ئەگەر وا بڕۆی و خودات لێت رازی بێت ئەوە لە بەهەشت خودا حەفتاو چەن حۆریت بە نسیب دەكا. ژن كاڵایەك زیاتر نییە. ئاوردانەوەیەك بۆ ئایەتەكانی قورئان ئەم ئیدیعایە باشتر دەسەلمینێ. بابەتی ژن لە ئیسلامدا هەویرێكە كە ئاوی زۆری دەوێ و وتارێكی تایبەت بە خۆی پێویستە. بەس لیرەدا ئاماژە بە دوو ئایەی قورئان دەكەین لەم بارەوە. ئایەی 26 سورەی آل عمران دا هاتووە كە" چوون منداڵی بوو. گوتی: خوایا! منداڵێ كە من بوومە، كچە و خوا بە ئەو شتەی كە بووە ئاگاەترە. كچێك وەك كورێكی نییە و من ناوی دەنێم مریم و لە شەری شەیتان لە وی و منداڵانی وی بۆ تۆ پەنا دێنین."

ئایەی 18 سورەی43 (زخرف) دا دەڵێ:" ... و ئایا ژنێ كە لە شتێكی كەم بایخ پێك هاتووە، دەتوانێ كچی خوا بێت و قەت لە دوژمنیدا توانای پاراستنی مافی خۆی نەبێت."

لە مادەی هەژدەی بریارنامەی مافی مرۆڤدا ئاوا نووسراوە كە

- هەر كەس بۆی هەیە ئازادی بیر و بروا و مەزهەبی هەبێت. بەو مانایە كە مرۆڤ دەتوانێ ئازادانە دینی خۆی بگۆری و هەر وەها ئازادانە باسی دین و بروا و ئەندیشەی خۆی بكات و ریو و رەسمە ئایینیەكانی بەرێوە ببات بە بێ ئەوەی كە هیچ كەسێ پێشی پێبگرێت.

دیسان لە ئایینی ئیسلامدا بە شێوەیەكی توند لەبەرانبەر ئەم بیرۆكەیەش هەڵوێست گیراوە. بەم شێوازە كە هەر كەسێ لە بنەماڵەیەكی موسڵماندا لە دایك بوو، ئەوە

موسڵمانە و ناتوانێ کە ئایینەکەی بگۆڕێت. سەیر ئەوەیە کە هەر غەیرە موسڵمانێ دەتوانێ ببێت بە موسڵمان بەڵام موسلمانان ئیجازەی ئەم کارەیان نیە کە دینی خۆیان بگۆرن. ئەگەریش دینی خۆیان گۆری ئەوە دەبن بە مورتەد(مرتد) و جەزای وان مردنە بە ناشیرینترین شێوە. بیضاوی( نزیکەی 1291 م) کە یەکێ لە گەورەترین موفەسرینی ئیسلامە لەم بارەوە دەڵێ:" هەر کەسێ بە شێوەیەکی ئاشکرا و روون یان بە شێوەیەکی شاردراوە و بە دزی لە ئیسلام وەرگەرایەوە، لە هەر شوێنێ کە دیتان وەک هەر مرۆڤێکی بێدینیتر بیکوژن و ئەگەر کەسێکیش هات کە لەم کارە پەژیوانتان بکاتەوە، بە قسەی مەکەن."

بە هۆی هەل ومەرجی تایبەتی ئەمرۆی دونیا نیشان دانی لیستەیەک لەو کەسانەی کە لە ئیسلامەوە بەرەو دینەکانیتر گەراونەوە، کاریکی زۆر حاستەمە. زۆربەی ئێمە ئەو ئەفسانەیەمان بیستووە کە دەڵێ ئیمکانی نییە کەسێ لە ئیسلام وەگەرێت بەڵام بە پێچەوانەی ئەم ئیدیعایە هەتا ئەمرۆ کەسانێکی یەکجار زۆر پشتیان لەم ئایینە کردووە. رەنگە کەسێ ئەم پرسیارەی بۆ بێتە پێش کە ئەگەر لە ئیسلامدا حوکمی مورتەد کوشتنە ئەدی چۆنە ئەو هەمو کەسە توانیویانە دینیان بگۆرن و نەشکوژراون؟ دەبێ لە وەڵامدا بگوترێ کە کۆمەڵێ ئینسانی زۆر کوژران و ئەم کوژرانەش رۆژ بە رۆژ هەر درێژەی هەیە، لە لایەکیترەوە زۆربەی ئەو کەسانی کە لە ئیسلام وەرگەراون لە وڵاتیکی غەیرە ئیسلامیدا دەژین و لە وێ غیرەتی ئەوەیان پەیدا کردووە کە کافر بوون و ناموسڵمان بوونی خۆیان ئاشکرا بکەن.

لە سەدەی حەفدەدا چەن شازادەی مەراکیشی و تونیسی لە ئیسلام وەرگەران. دوای کوشتارە وەحشیانەکەی کۆمێنیستەکان لە ئەندوونێزی لە ساڵی 1965 زیاتر لە دوو میلیۆن موسڵمان بوون بە مەسیحی. لە ساڵەکانی دەیەی 1990 لە وڵاتی فەرانسە، هەر ساڵ زیاتر لە دوو سەد تا سێسەد کەس دینیان لە ئیسلامەوە و بۆ مەسیحیەت دەگۆرن. بە پێی ئامارێ کە لە لایەن "بنیاد فرهنگ ایران" لە سوێدەوە دەرگراوە زیاتر لە 47 هەزار ئێرانی دانیشتووی ئورووپا لە ئیسلامەوە بوون بە زەرتشتی و مەسیحیەت. هەڵبەت ئەوەش بگوترێ کە هەن کەسانێکیش کە لە دینەکانی ترەوە دێن و دەبن بە موسڵمان. وێ دەچێ ئەگەر رۆژێ لە وڵاتانی موسڵماندا ئازادی بدرێت بە خەڵک بۆ ئەوەی کە دین هەڵبژێرن زیاتر لە نیوەیان ئیسلام دەخەنە پاش گوێ. ئەوانەی کە لە ئیسلام وەردەگەرێنەوە و لە وڵاتیکی ئیسلامیدا دەژین، گیانیان دەکەوێتە مەترسی. مافی شاروەندیان لێدەستێندرێتەوە. پێناسەکەیان لێوەردەگرنەوە. بنەماڵەکەی بە حەرام دادەندرێت و هەڵوەشانی بە پێویست دەزاندرێت. ئەگەر منداڵی هەبێت لێدەستێندرێت و بۆ پەروەردەکردنێکی ئیسلامی دەدرێتە بنەماڵەیەکی ئیسلامی. هیچی لە میرات وەبەر ناکەوێ و هەمو ماڵ و ماڵات و خانو زەویەکانیشی- هەڵبەت ئەگەر هەبیێت- بە نەفعی دەوڵەت بارمتە دەکرێن. ئەو بەڵایانە بە سەر زۆربەی بەهاییەکانی ئێران هاتووە و فرقەی "ئەحمەدیە"ش لە پاکستان هەر بەم شێوەیە لە لایەن دەوڵەتەوە رەوتاریان لەگەڵ کراوە.

دیسان با بێنەوە بۆ بریارنامەی مافی مرۆڤ تا مادەیەکی دیکەی بخەینە بەر چاو. لە مادەی نۆزدە دا دەڵێ کە

- هەر کەسێ ئازادی گوتن و نووسینی هەیە و دەتوانێ لەو مافە بۆ بڵاوکردنەوە و تەبلیغ کردنی بیر و بروای خۆی بە بێ هیچ ترسێ کەڵک وەرگرێ. لەو ڕێگایەشدا بۆی هەیە کە گۆڤار و تەلەویزیون وکەرەسەی ڕاگەیاندنی هەبێت.

مادەکانی هەژدە و نۆزدەی بریارنامەی مافی مرۆڤ کە بۆ بەرژەوەندی ئینسان داندراون. لەوەتا هەیە لە سێ وڵاتی ئێران و پاکستان و عەرەبستانی سەعودیدا پێشێل کراوە. ئێران دان بە مافی "بەهاییە"کاندا ناهێنی و لە پاکستانیش "ئەحمەدیە"کان بە توندترین شێوە سەرکوب دەکرێن. لە عەرەبستانیش لەوەتا هەیە شیعەکان هەر چەوساونەوە. لەو سێ وڵاتەدا هەمیشە مافی کەمایەتیە مەزهەبیەکان و کەمایەتیە نەتەوەیەکیانیش پێشێل کراوە. هەمو کات بە بیانوی بێدینی و وەرگەران لە ئیسلام لە درێژای مێژودا سەری ئینسانەکان چوتە سەر سێدارە یان بوتە پێخۆری شمشیری ئیسلامیەکان. بۆ وێنە لە سێوەمی سێپتەمبەری ساڵی 1992 کەسێ بە نێوی "صدیق عبدالکریم ملا" لە عەرەبستانی سەعودی کە تاوانی کافر بوون و بێدینی لێدرابوو لە بەر چاوی خەڵک سەری لە لەش جودا کرایەوە. فرقەی "ئەحمەدیە"ش لە پاکستان وەزعیەتێکی باشتریان نییە لە دەس ئیسلامیەکانی ئەو وڵاتە. ئەوە لە کاتێ دایە کە "ئەحمەدیە"کان خۆشیان بە موسڵمان دەزانن و تەنیا جیاوازیان لەگەڵ موسڵمانان ئەوەیە کە ئەوان مەحەممەد بە دواین پێغەمبەر نازانن. بەو گوناحە چەندین جار "ئەحمەدیە"کان زیندانی کراون و ئەشکەنجە کراون و بە نائینسانیترین شێوە کوژراون. "بەهاییە"کانیش لە ئێران دوای ئازار دان لە دەروازەی شار هەڵدەواسران تا ببن بە پیخۆری لاشە خۆرەکان.

لە لایەکیتر کفر بە خودا و پێغەمبەر ئەوەندە گوناحێکی گەورەیە کە جەزاکەی مەرگە. ئەمرۆکە کفر و بێدینی بوتە بیانوویەک بۆ دەوڵەتە ئیسلامیەکان بۆ لەبەین بردنی مخالیفانی خۆیان.

لە مادەی بیست و سێی بریارنامەی مافی مرۆڤدا ئاوا نووسراوە کە

- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە کە ئیش بکات و ئیشی خۆی ئازادانە هەڵبژێرێت. هەر وەها دەبی شەرایتی ئیشەکە بۆ هەمو کەس وەک یەک بێت و لە کاتی بیکاریشدا پشتیوانی لێبکرێت.

یاسا و شەریعەتی ئیسلام ئیجازە نادا بە ژنان کە ئیشی خۆیان بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن. هەر چەن کە لە سەدا 82% لە ژنانی موسڵمان لە دونیایەدا بێکارن و تەنیا ئیشی وان کاروباریماڵیە وەک چێشت ساز کردن و خاوێن کردنەوە و هەڵوەژاردنی ماڵ و هتد. ئیسلام زۆر ئیشی بۆ ژنان یاساخ کردووە. وەک خاوێن کردنەوەی لولەکانی ئاو واتە لولەکێشی، ماسی گرتن، یان هێندێ لەو ئیشانەی کە بە بروای ئیسلام لەگەڵ سروشتی ژن نایەتەوە وەک ئەفسەری پۆلیس(شۆرتە) بوون، سەماکردن و فێرکردنی سەما، یان ئەو کارانەی کە لەگەڵ توانای لەشی وی نایەتەوە وەک کار کردن لە شەریکەیەک، یان ئەو ئیشانەی کە پێویستیان بە بیرکردنەوە هەیە وەک قازی بوون بۆ داوەریکردن( حەکەم بوون) یان ئیمام بوون و کۆمەڵێ ئیشیتر وەک شانۆگەری، میواندار بوونی تەیارە، چوونە دونیای سیاسەتەوە، مۆسیقاژەن بوون. لەگەڵ ئەم ئیشە یاساخانە هێندێ ئیششیش لە لایەن ئیسلامەوە بۆ ژنان پێشنیار کراون وەک مامۆستایەتی کردن، درومان و گوڵدۆزی.

غەیرە موسڵمانەکان لە وڵاتانی موسڵمان بۆیان نیە کە ئیش بکەن، بە تایبەت ئەگەر ئەو غەیرە موسڵمانە خاوەن ئیشەکەش بێت(کارفەرما) . موفەسیرانی ئیسلامی بە پێی تەفسیرێ کە لە ئایەی 8 سورەی " المزّمّل"ی دەکەن ئیشکردنی موسڵمان لە ژێر دەستی کافرێ بە گوناحی گەورە دەزانن. مانای ئەو ئایەیە ئاوایە:" توانمەندی و سەیتەرەبوونی تایبەتە خودا و پێغەمبەر و هەموو مومنان بە دینی ئیسلام."

هیچ دردۆنگێ لەوە دانیە کە هەمو هەوادارانی ئیسلام و ئەندیشەکانی ئایینی ئیسلام دەزانن کە ئەم ئایینە لەگەڵ زۆربەی مافەکانی مرۆڤ دژایەتی هەیە. هەر بۆیە سی و سێ ساڵ دوای دانان و نووسینی بریارنامەی مافی مرۆڤی جیهانی ، شارەزایانی ئیسلامی لە ساڵی 1981 لە شاری پاریس کۆبوونەوە و لەوێ بریارنامەی مافی مرۆڤیان بۆ موسڵمانان نووسی و زۆربەی ئەو وانانەی کە لە ئیسلامدا هەن و دژی ئینسانیەت و مافی مرۆڤن، هەر وا ماونەوە.